### عەلی کوڕی قازی محەممەد: مەلا مستەفا وەک کۆڵەگەیەک بوو بۆ کۆماری کوردستان

# قانیعی فەرد بێحورمەتی بە هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە حەیاتی خۆیان بۆ خزمەتی گەلی کورد بەڕێکردوە



دوای ئەوەی قانیعی فەرد لە دوا ژمارەی لڤیندا، هەندێ زانیاری بە پێچەوانەی ئەو زانیاریانەی کە مێژوونوسان و رۆژهەڵاتناسان تا ئێستا باسیان کردووە، باس کردبوو، ئەمەش نیگەرانی لێکەوتەوە، بەو پێیەی کە رەشکردن و شێواندنی مێژووی کورد کارێکە وەک عەلی کوڕی قازی دەڵێ «گەر راستەوخۆ بێگانە دەستی تێدانەبێ، ئەوا ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی بێگانە دایە».

قانیعی فەرد کە بەکەسێکی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانی ناسراوە، لەدوا ژمارەی گۆڤاری لڤیندا زۆر شتی لەبارەی پەیوەندی مستەفا بارزانی و قازی محەممەد و کۆماری کوردستان لە مەهاباد گوتبوو، هەرچی تا ئێستا مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناسان باسیان لێوەکردووە، ئەوەیە کە مستەفا بارزانی و هێزەکەی کە لە سەدان جەنگاوەری بارزانی پێکهاتبوو، بەرگریکار و پارێزەرێکی پۆڵاینی کۆمار بوونە، هەروەها ئەفسەر و سەرکردە سەربازییەکانی ئەو کاتیش کە لە دژی کۆمار جەنگاون، ئاماژەیان بە رۆڵی ئەو هێزە کردووە لەبەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشانەی بۆ سەر کۆمار دەکران، بەڵام قانیعی فەرد لە گۆڤاری لڤین دەڵێت «بارزانی هەوڵی رووخاندنی کۆماری مەهابادی داوە»، لەو بارەوە عەلی کوڕی قازی محەممەد بۆ (سڤیل) گوتی «ئەوەلەن کۆمارێک بە ناوی کۆماری مەهاباد قەت قەت وجودی نەبووە، ئەو کۆمارە ناوی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووە». هەروەها دەڵێ «مەلا مستەفای بارزانی زۆر بەر لەوەی کۆمار رابگەیەندرێت هاتبووە رۆژهەڵاتی کوردستان. چۆن ئەو دەتوانێ شتێک تێکبدات کە هێشتا دروست نەبوویێت، بۆیە ئەو قسەیە راست نییە، بەر لەوەی کۆمار دروست بێت، مەلا مستەفای نەمر هاتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا کەوت، پاشان کە کۆمار راگەیەندرا، مەلا مستەفای بارزانی جارێکی تر لە رۆژی راگەیاندنی کۆماردا بەشداری کرد. پاش ئەوەی لە مانگی ٣ی ١٩٤٦ مەلا مستەفا بە شێوەیەکی رەسمی هاتە مهاباد و پێشوازی لێکرا و دەرەجەی جەنەڕاڵی پێدرا». عەلی قازی نیگەرانی خۆی بۆ ئەو قسانەی قانیعی فەرد دەردەبڕێ و دەڵێ «مەلا مستەفا وەک کۆڵەگەیەک بوو بۆ کۆماری کوردستان».

قانیعی فەرد بە کەسێکی موخابەراتی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ئێران ناسراوە، لەماوەی رابردوودا لەتاران کۆڕێکی بەست و ئەو قسانەشی تێدا کردن، بەڵام لەلایەن چەند رۆشنبیرێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە توندی بەرپەرچ درایەوە و زانیارییەکانی بە ناڕاست و شێواندنی مێژوو لەقەڵەمدرا، ئەو ناڕەزاییانە خەڵکی ئاساییشی گرتەوە و کاردانەوەی جیا جیا لەبەرامبەر

## ناشیرنکردن و شێواندنی مێژووی کورد بە قازانجی دوژمنی کوردستانە

قانیعی فەرد دروستبوو، تەنانەت لە سەر دیواری ئاودەستخانەکانی سەقز جوێنێکی زۆر دژ بە قانیعی فەرد نوسرابوو، هەر بۆیە سایتی (ناوەندی هەواڵنێری سەقز) نوسی (قانیعی فەرد لەئاودەستخانەکانی سەقز چی دەکات؟) بەڵام دواتر قانیعی فەرد کە نوسەری کتێبی بیرەوەرییەکانی مام جەلالە لە (لڤین) ئەو قسانەی دووبارە کردەوە، عەلی قازی لەبارەی قانیعی فەردەوە دەڵێ «من ئەو برادەرە (قانیعی فەرد) ناناسم و نەمدیوە، قەت مولاقاتم لەگەڵی نەبووە، بەڵام بیستوومە کە زۆر بێحورمەتی بە هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە گیانی خۆیان بۆ ئازادکردنی کورد و کوردستان بەخت کردوە، تۆمەتیان بۆ دروست دەکات، هیچ گەورەیەکی کورد نەماوە، کە ئەو کابرایە ئیشارەتی پێنەکات. نازانم سەبەبی چیە کە ئەو شەخسە ئاوا دژایەتی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە حەیاتی خۆیان بۆ خزمەتی گەلی کورد بەڕێکردوە».

کورد لە رابردوودا ژمارەیەک شۆرش و راپەرینی دژ بە رژێمەکان ئەنجامداوە، ئەو شۆرشانە بە کەموکورییەکانیشیانەوە بە سەروەری و مێژووی فیداکاری کورد دادەنرێن و ئینسانی کورد هەمیشە بەشانازییەوە باسیان دەکات و بەهۆکارێکی دادەنێ لە پێگەیاندنی سیاسیی تاکی کورد و بەهێزبوونی هەست و ئینتیمای نەتەوەیی، بۆیە هەر جۆرە ناشیرنکردنێک بەتایبەتی ئەگەر بە ئەنقەست بێت، ئەوا زیان بەو ئینتیما و هەستە نەتەوەییە دەگەیەنێ و مێژوو و رابردووی لەلا رەش دەکات، ئەم هەوڵەش بەردەوام لەلایەن رژێمەکان پەیڕەو کراوە و لەم چەند ساڵەی دوایش ئەو هێزانەی هیچ رۆڵێکیان لە مێژووی کورددا نەبووە لەرێگای بڵاوکراوە نافەرمییەکانیاندا ئەو هەوڵە دەدەن، کوڕی قازی پێیوایە ناشیرنکردن و شێواندنی مێژووی کورد «بە قازانجی دوژمنی کوردستانە و بە قازانجی کەسی تر نیە، کە کەسێک کە تا دوا قەترەی خوێنی خۆی خەباتی کردوە بۆ رزگاری و بەدیهێنانی مافە رەواکانی میللەتی کورد، ئیهانە بکرێن و شتی خراپیان لەبارەوە بگوترێ، ئەوە هەر بە قازانجی بێگانە دەبێ، گەر راستەوخۆ بێگانە دەستی تێدانەبێ، ئەوا ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی بێگانە دایە».

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان ئاڵای کوردستان وەک ئەمانەتێک دەداتە دەست مستەفا بارزانی، چەند ساڵێک بەر لەئێستا لە فیستڤاڵی پێشەوا لە هەولێر عەلی کوڕی قازی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی پێشوی کوردستان ئاڵاکەیان بەرز کردەوە، ئێستا قانیعی فەرد دەڵێ ئەو ئاڵایە هەرگیز نەدراوەتە بارزانی و ئەو قسەیە راست نییە، لەو بارەوە عەلی قازی وەڵامی قانیعی فەرد دەداتەوە و دەڵێ «زۆر کەس لەوێ بوونە، ئەو کاتەی مەلا مستەفا ماڵئاوایی لە قازی محەممەد کردوە، قازی بە دەستی خۆی ئاڵاکەی داوەتە مەلا مستەفا و پێی گوتوە من ئەو ئاڵایە دەدەم بە تۆ و باوەڕم بەوە هەیە تۆ ئەو ئاڵایە بە شەکاوەیی رادەگری. یەکێک لەو کەسانەی کە شاهێدی ئەوە بووە، باوکی مەلا رەسوڵی پێشنیازە، کە بەخۆی لەوێ حازر بووە، بە چاوی خۆی دیویەتی، کە پێشەوا ئاڵاکەی تەسلیمی مەلا مستەفا کردوە، ئەوە لەزۆر جێگا نوسراوەتەوە و واقیعە، ئەوە رەمزێکی کورد و کوردستانە و ئێستا بە جۆرەها شێوە دەیانەوێت بیگۆڕن، بۆیە هەر کەسێک بیەوێت، ئەو واقیعیەتە وەدرۆ بخاتەوە، ئەوە کارێکی راست نیە».

دواتر عەلی کوڕی قازی کە ئێستا سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستانە، دەڵێ «من داواکارم مانگی یەکی ساڵی داهاتوو، (٦٥)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانە، لە لایەن هەموو حزبە کوردیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بە باشی یادی بکرێتەوە، لە هەرچوار پارچەی کوردستان ئەو لاپەڕە روونەی لاپەڕەی کورد بە باشی رێزی لێ بگیرێت».

---

گۆڤاری حەفتانەی « سڤیل» ساڵی یەکەم، ژمارە ٤٦شەممە ٢٠١٠/٨/٧

# گەمارۆکان هیچ کاریگەریەکیان نییە، بیر لە هێرشی نیزامی بکەنەوە

و:کاروان

ئەم بۆچوونەی بەرپرسی پێشووی «CIA»ی ئەمریکا و پشتیوانیی ژومارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی نێزامی بۆ سەر ئێران، لە کاتێکدایە کە لە مانگی ئاوریلی ئەمساڵدا، وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا رایگەیاندبوو لە ئێستادا هیچ پلانێکیان بۆ هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران نییە. لە هەمانکاتدا پێنتاگۆن رایگەیاندووە کە کەڵک وەرگرتنی لە هێرشی نیزامی بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی ئەتۆمی ئێران رەت نەکردۆتەوە. هەروەها لە چەند مانگی رابردوودا ژومارەیەک لە فەرماندە پلە بەرزەکانی هێزی نیزامی ئەمریکا نیگەرانی خۆیان لە ئاسەوارەکانی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران لە ناوچەکەدا دەربڕیوە.

بەرپرسی پێشووی رێکخراوی «CIA»ی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا کە نیگەرانی خۆی سەبارەت بە ئاکامەکانی دەسپێراگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکە ئەتۆمییەکان و کاریگەر نەبوونی گەمارۆکان دەربڕیوە، وتویەتی: بە بڕوای من هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران خراپتر نییە لە رێگە چارەکانی دیکە بۆ پێشگرتن لە دەسپێراگەیشتنی ئێران بەچەکە ئەتۆمییەکان.

بە پێی راپۆرتی سایتی «تابناک»، «مایکل هایدن» بەرپرسی پێشووی رێکخراوی «CIA»ی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، لە دیدارێکدا لەگەڵ کاناڵی «سی ئێن ئێن» وتوویەتی: گەمارۆکان هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە راگرتنی چالاکییە ئەتۆمییەکان و دەسپێراگەیشتنی کۆماری ئیسلامیٔ ئێران بە چەکە ئەتۆمییەکان نەبووە. ئەم ژێنێراڵە خانەنشینەی هێزی ئاسمانی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، لە کاتی سەرۆک کۆماری «جۆرج بووش»دا، بەرپرسیارێتی رێکخراوی «CIA»ی ئەمریکای لە ئەستۆ بووە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتوویەتی لە سەردەمی بەرپرسیارێتی ئەودا، بیرۆکەی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێران لە خوارەوی لیستی هەنگاوەکانیترەوە بووە. ناوبراو پێی لە سەر ئەوە داگرتۆتەوە کە ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی و دووپاتی کردۆتەوە کە ماوەیەکە بەو ئاکامە گەیشتووم کە هێرشی نیزامی رێگە چارەیەکی خراپتر نییە لە رێگاکانیتر.

هەر لەو پێوەندییەدا ناوەندێکی راگەیاندنی فارسی زمانی نزیک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاندووە، قسەکانی بەرپرسی پێشووی «CIA»ی ئەمریکا لەو بارەیەوە، چەند رۆژێک پێش ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە بە پێی کۆمەڵێک راپۆرت، چل و حەوت کەس لە ئەندامانی کۆماریخوازی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا، بە پێشکەشکردنی رەشنووسی بڕیارنامەیەک پشتگیری خۆیان لە ئەگەری هەر هەنگاوێکی ئیسرائیل دژ بە ئێران دەربڕیوە.



بە پێی ئەو راپۆرتانەی بڵاو کراونەتەوە، نوێنەرانی کۆماریخوازەکان کە رەشنووسەکەیان لە لایەن «لویی گومرت» لە ویلایەتی تێکزاەوە بە کومیتەی پێوەندییەکانی دەرەوە دراوە، لەو بڕیارنامە پێشنیارییەدا، لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئاشکرا پشتگیرییان لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران کردووە، هاوکات پێیان داگرتۆتەوە کە کۆنگرەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لە حاڵەتی هێرشی ئیسرائیلدا بۆ سەر ئێران، لە تەواوی ئەو کەرستانەی پێویستە لە دژی ئێران، تەنانەت کەڵک وەرگرتن لە هێرشی نیزامی پشتیوانی دەکا.

رادیۆ فەردا کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە پشتگیری لێدەکرێ، لە درێژەدا دەڵێ: وڵاتانی رۆژئاوایی و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و ئیسرائیل نیگەرانی چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن و بەوە تاوانباری دەکەن کە ئێران لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا لە حەولی وەدەسهێنانی تێکنۆلۆژی پێویست بۆ درووست کردنی چەکی ئەتۆمییە؛ بەڵام تاران ئەو قسانە رەتدەکاتەوە و رایگەیاندووە کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی بە تەواوی ئاشتیخوازانەیە و بۆ بەرهەمهێنانی وزە و تێچووی پزیشکییە. ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بە پەسند کردنی چوار بریارنامە دژ بە پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی تاران لە ئاستی هەموو دنیادا، داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە چالاکییە هەستیارە ناوکییەکەی کە توانای بە کار هێنانی لە درووست کردنی چەکی ئەتۆمیدا هەیە رابگرێ.

سەرەڕای گەمارۆکانی ئەنجۆمەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژاواییش ماوەیەکە بە شێوەی یەکلایەنە گەمارۆکانی خۆیان بە سەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەپاندووە کە ئەو گەمارۆیانە چەندین جار قورستر و بەربڵاوترە لە گەمارۆکانی ئەنجۆمەنی ئاسایش.

بە پێی ئەم راپۆرتە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کە بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران بە هەرەشەیەکی جیدی بۆ سەر خۆیان دەزانن، زۆر جاریش پێ لە سەر ئەوە دادەگرنەوە کە لە حەولە دیپلۆماتییەکان بۆ دەسهەڵگرتنی کۆماری ئیسلامی لەچالاکییە ئەتۆمییەکان پشتگیری دەکەن؛ بەڵام لە هەمانکاتدا هێرشی نیزامی وک یەکێک لە رێگەچارەکان لە بەرنامەی کاری خۆیاندا دەهێڵنەوە.

جێگەی باسە کە ماوەیەکە جارێکی دیکە کەش و هەوایەکی رەوانی لە ئەگەری هێرشی نیزامی وڵاتەیەککگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران هاتۆتە گۆڕێ. پشتیوانی ژومارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی کۆماریخوازی ئەمریکا لە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران و ئاخاوتنەکانی ژومارەیەک لە بەرپرسانی ئامریکایی هەر لەو پێوەندییەدا بە ئاشکرا دەریدەخا کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵات یەککگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی، ئێستاشی لەگەڵدا بێ بڕوایان بە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئەتۆمییەکەی لە رێگای دیالۆگ و دیپلۆماتییەوە نییە و پێیان وایە کۆماری ئیسلامی مل بە داخوازەکانی ئەنجۆمەنی ئاسایش و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نادا.